## د. ئازاد مورادیان بۆ گوڵان:

# هەر کاتێک ڕێژەی ژنان لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا کەم بێت، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زۆر دەبێت

**د.ئــازاد موراديــان، لەهەڤپەيڤينێكيــدا لەگەڵ (گوڵان) تيشــك دەخاتە ســەر كۆســپەكانی بەردەم دەستەبەركردنی مافی يەكســانيی ژن و پياو لە كۆمەڵگــەی كورديدا و هاوكات چەندين ڕێكاری زانســتی بۆ بنبڕكردنی دياردەی توندوتيژی خێزانی دەخاتەڕوو.**




**گوڵان:** كۆســپەكانی بەردەم دەستەبەركردنی مافی يەكســانيی ژن و پياو بەگشــتی لە كۆمەڵگەی كورديدا چين؟

**د. ئــازاد موراديــان:** نەك لــە كۆمەڵگەی كــوردی، بەڵكــو لــە گشــت كۆمەڵگەی مرۆڤايەتی لەمێژووی كۆنــەوە تا هەنووكە، ئەو بــوارە زۆر ئاڵوگۆڕی بەســەردا هاتووە، دەســەڵاتی پياوســالاری بە هۆی كارامەيی جەســتەيی پياوان لە بەربەرەكانێی سرووشتدا جێگيركرا و بێ خواســتی ژنان بەســەرياندا سەپێندراوە، بە هاتنی ئايينەكانيش پياوان وەك ياسايەكی نافەرمی دەســتيان بەسەر نەريتە ئايينی و كەلتوورييەكاندا گرت و بە درێژايی مێژوو توانييان نيوەی كۆمەڵگە لە بەرژەوندیی خۆياندا بچەوسێننەوە. مەبەستم لەم دەستپێكە ئەوەيە كە پێويستە بزانين گۆڕانكاری لە ژيانی ژنان و يەكسانكردنی مافەكانيان لەگەڵ پياو بەتايبەتی لە وڵاتانی گەشەنەكردوودا كارێكی ئاســان و ئاسايی نييە، ئەوە پێويستی بەدەيان ســاڵ كار و پلانی بەردەوامی هوشياركردنەوە هەيە، چونكە پێويســتی بە گۆڕانكاڕی لە ژێرخانە بنەڕەتييەكانی ئايين و كەلتوور هەيە. تەمەنی نەريت، ئاييــن و كەلتووريش پتر لە سەدان ساڵە، هەر بەو هۆيەوە، بەبێ كارو پلانی فرەلايەن، زۆر دژوارە كە لە مەودايەكی كورتدا گۆڕانكارييەكی زۆری بەسەردا بێت، بەڵام بە كەڵك وەرگرتن لەياســا، دەكرێت تا رادەيەكی زۆر نادادپەروەرييەكان كەم بكرێتەوە، واتە ياسا دەتوانێت مانايەكی نوێ بۆ هەڵسوكەوتی نێوان ژن و پياو بدۆزێتەوەو بە كارێكی درێژخايەنيش بەختەوەريی خێزانی زياتر مســۆگەر دەبێت. لە ياســای خێزانيدا پێويستە ئەوە دەستنيشان بكرێــت كە ژنــان مافی ئەوەيــان هەبێت بە ئارەزووی خۆيان هاوســەرگيری بكەن، دوور بن لە بەشوودانی بەزۆرەملێ، مافی تەڵاق و جيابوونەوەيان هەبێت و لە كاتی واشدا منداڵ بەپێی توانــای دارايی دايــك و باوك بەخێو بكرێت. نەك بــە زۆر تەنيا بە باوكی بدرێت. ياسا دەبێت بەرژەوەندی منداڵەكە ڕەچاو بكات، نەك نەريت و كلتوور. هەروەها پێويستە ياسا لە دژی نەريتی فرەژنی بێت، كە سەدان كێشەی كۆمەڵايەتی لێدەكەوێتەوە.

**گوڵان:** دياره گۆڕانكاری ريشــەيی لە ئايين و ئايينزاكانــی كۆمەڵگەی ئايينيدا كارێكی دژوارە، گــەر واز لــەو رەهەنــدە بێنين، چ ڕێكارێكــی ديكە هەيە كــە بتوانێت مافی ئافرەتــان لە كۆمەڵگەی كوردی دەســتەبەر بكات؟

**د. ئازاد موراديان:** وەڵامدانەوەی ئەو پرسيارە كارێكی ئاســان نييە، بەڵام وەك سەرەكيترين

ڕێکار پێویســـتە پێشـــەکی گۆڕانـــکاری لە ئەندێشـــە و فکر و بۆچوونی پیاوان بەرامبەر بـــە مافی ژنان بکرێ، دەبـــێ ئەوەش بزانین کە پیاوان وەك نیوەی کۆمەڵگە کە ســـوودی تایبەتی خۆیان لە چەوساندنەوەی ژناندا دەبینن، بەئاسانی دەست لەو دەسکەوتەیان هەڵناگرن. پیاوان هەمـــوو تایبەتمەندیی ژیانیان لەباری جەستەیی، دەروونی، خۆشگوزەرانی، هەروەها پلەو پایەو دەسەڵات و پارەیان، لە داگیرکردنی مافی ژناندا دیوەتەوە. بۆیـــە ژنانیش دەبێت وەك چینێك کە لە مێژوویەکی دوور و درێژدا کەڵکیان لە تواناکانی خۆیان وەرنەگرتووە، بۆ دەســـتەبەرکردنی مافـــە زەوتکراوەکانیان بێنە مەیدان و کاری بەردەوامی بۆ بکەن.

**گوڵان:** کۆمەڵگەی کوردی بۆ هوشـــیاریی تاکەکەســـی لەو بـــوارەدا چ خوێندنەوەیەکی بـــۆ دەکرێت و جیـــاوازی لەگـــەڵ وڵاتانی پێشکەوتوودا چییە؟

**د. ئـــازاد مورادیان:** بێگومـــان کۆمەڵگەی کوردەواری بەتەواوی کۆمەڵگەیەکی پێناســـە نەکـــراوە. زانیاری و لێکۆڵینەوە لەســـەر ئەم کۆمەڵگەیە زۆر کز و لاوازە، وەك پسپۆڕێکی دەروونـــاس پێموایە چارەســـەری کێشـــەکەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکـــی گونجاو، بەبێ پشتبەســـتن بە لێکۆڵینـــەوە و زانیاری باوەڕ پێکـــراو ئەســـتەمە. لەلایەکی دیکـــەوە ئێمە وەکو کـــورد لە بواری سیســـتمی ئابووری و کۆمەڵایەتییـــەوە دەبێت بزانین کە لە قۆناخی تێپەڕکردنی سیستمی کۆن لەگەڵ (مودێرنیزم) داین. لە زۆربەی وڵاتانـــی ئەورووپیدا فۆرم یان شـــێوازێکی دیاریکراو بۆ ئەم تێپەڕکردنە هەیـــە. ئـــەوان زیاتر لە پێنج ســـەدەیە کە لە دەورانی ڕێنیســـانس تێپەڕیون، کەچی هێشتا لە بنەماکانی ســـەرەتاییدا سەبارەت بەمافی ژنـــان ماونەتەوە، بەڵام کاری بەرچاویشـــیان کـــردووە و زۆر قۆناخیشـــیان بڕیـــوە. بەڵام ئێمـــە وەك کۆمەڵگەی کوردی تا ئێســـتاش لە بەشێکی کوردســـتانی گەورەدا گیرۆدەی سیستمی عەشـــیرەتین، لە بەشێکی دیکەیدا هێشـــتا سیســـتمی کۆنی ئاغا و ڕەعیەتیمان هەیە، گەرچی لە بەشێکیش سیستمی کاری پیشەیی و سەرمایەداری و کارگە و کۆمپانیای پێشـــکەوتوومان هەیە، بەڵام بەگشـــتی زۆر قۆناخمان ماوە بۆ ئـــەوەی بتوانین لە بواری کەلتـــووری و نەریتـــی و کۆمەڵایەتییـــەوە گۆڕانکاری بەرچاو بکەیـــن. مەودای نێوان ســـوننەت و مودێرنیزم زۆر بەرفراوان و دوورو درێژە. ئێمە زۆر شتی نامۆمان لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا هەیە. هـــاوکات وەك نەتەوەیەکی ژێردەست کە ئێســـتا ئاسۆیەکی ڕووناکمان لە پێش چاودایە و هەرێمی کوردستان تا رادەیەك لەو بندەســـتییە رزگارکـــراوە، کەچی دەبینین زۆر جار تاك و لایەنی سیاســـی بە زێدەڕۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی کێشە دروست دەکەن. ئیتر بە چ چەشنێك ئەم کۆمەڵگەیە دەتوانێت ئەو دەورانی گوزارە تێپەڕ بکات؟ لە بری ئەوە دەبوایـــە بە هەموو لایەکـــەوە بە تاك و کۆی کۆمەڵگـــە و بە هەموو لایەنـــە حکوومی و ناحکوومییەکانیشەوە، کاریان بۆ ئەوە بکردایە کە مودێرنیزم و باوەڕی پێشکەوتووانە خۆی بە سەر سیستمی کۆندا زاڵ بکات، کە پشتی بە نەریت و ئایین بەستووە. خۆنەهێشتنەوە لە ژێر تەوقی نەریتیدا شەرێکی نەرمی زانستییانەی گەرەکە کە گۆڕانکاری فکری دروست بکات، هەتا لە نەریتە نارەواکان خۆمان رزگار نەکەین، ئەوا بەردەوام یان جاروبار ژنانی کوژراو لە نێو شەقام و کوڵان و دەشت و ناوماڵی بنەماڵەکانی کـــورد، چ لە نێو هەرێمە کوردییەکان و چ لە کۆمەڵگەی کورد لە هەندران دەبینین.

**گـــوڵان:** بۆ ئەوەی یەکســـانی ژن و پیاو لە مافەکانیاندا بەرجەســـتە بکرێـــن، لە رووی زانســـتی دەروونناســـییەوە وەك پسپۆڕێك لەو بوارەدا، چ ڕێکارگەلێـــك بۆ گۆڕانکاری لە سیســـتمی راهێنانی تاك و کۆمەڵگە پێشنیار دەکەیت؟

**د. ئازاد مورادیان:** سایکۆلۆژی وەك زانستێك تایبەتمەندی دەخاتەســـەر تاکەکەس و باوەڕی بە گۆڕانکاری تاکەکەسی هەیە، بەڵام کاتێك ئایین، کەلتوور، باری ئابووری و کومەڵایەتی و هەروەها سیاســـی کۆســـپ دروست بکەن، دەبینیـــن بـــە گۆڕانـــکاری تاکەکەســـی گۆڕانـــکاری بەرچاو لـــە کۆمەڵگەدا نایەتە ئاراوە. لەو دۆخەدا تاك تەنانەت خەونەکانیشی پشت بەو نەریتە چەسپاوانەی ناو کۆمەڵگەکە دەبەستێت.

سەبارەت بە گۆڕانکاری لە سیستمی راهێنانی تاك و کۆمەڵگەش پێویستە پێشەکی ئامانجی بەرپرســـانی سیاســـی و کاربەدەستانی وڵات گۆڕانکاریی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا بێت، گەر ئەو ئامانجەیان هەبێت، ئەوا بێگومان کاریشی بۆ دەکەن و بە پلانێکی درێژخایەن، سیستمی فێرکردن و بارهێنان و راهێنانی تاك دەگۆڕن. دیارە مەبەست لە گۆڕانکاری ئەرێنی گەڕانەوە بۆ سیســـتمە کۆنەکان نییە، بەڵکو هەنگاونانە بەرەو سیســـتمێکی نوێ کە لەهەمەموو بوارێکدا دان بە یەکســـانیی هـــەر دوو رەگەزی (نێر و مێ)ی ژن و پیاودا بنێت. ئەوەش لە بونیادەوە دەبێت کاری بۆ بکەن، واتە هەر لە قۆناغەکانی سەرەتای خوێندنەوە، قوتابخانە دەبێت ناوەندێك بێت کە کوڕانی قوتابی فێربکات ڕێز بۆ کچان

**زۆربەی بۆچوونەکانی پیاو بەرامبەر بە ژن لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندن دروست دەبن، بۆیە جیاکردنەوەی قوتابخانەکان و تایبەتکردنی بە کچ یان کوڕ، زیانی زۆرەو هیچ سوودێکی نییە**

**پێویستە لە ئەزموونی سیستمی نێونەتەوەیی و دەستکەوتەکانی ئەوان کەڵک وەربگرن، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێ پێش هەموو لایەک حکومەت ڕەچاوی بکات**

**دەبێ لایەنە حکوومی و ناحکوومییەکان کار بۆ ئەوە بکەن مودێرنیزم و باوەڕی پێشکەوتووانە بەسەر سیستمی کۆندا زاڵ بێت**

**ژنانی ماڵەوە بەهۆی نەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ، زۆرجار لەژیانیاندا توندوتیژی بەرامبەریان قبووڵ دەکەن**

**مەبەست لە گۆڕانکاریی ئەرێنی گەڕانەوە بۆ سیستمە کۆنەکان نییە، بەڵکو هەنگاونانە بەرەو سیستمێکی نوێ کە لەهەموو بوارێکدا دان بە یەکسانیی هەر دوو رەگەزی (نێر و مێ)ی ژن و پیاودا بنێت**

**پرۆفایل:**

**د.ئازاد موورادیان، لە شاری سەقز لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، پزیشکی دەروونناسە و پسپۆڕیی لە کێشەی خێزانی هەیەو ئەندامی فەرمی ڕێکخراوی دەروونناسانی خێزانە لە ئەمریکا، نووسەر و چالاکوانی سیاسی و مافی مرۆڤە و هاوکات ڕاوێژکاری سایکۆلۆژی سیاسییە. هەروەها بەرپرسی (کۆمیتەی کوردەکانی دانیشتووی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران)ـەو بەرپرسی ڕادیۆی ئینتەرنێتی دەنگی کوردی ئەمریکایە.**



دابنێن و ئەوان وەك مرۆڤێکی هاوسەنگ و هاوشانی خۆیان چاویان لێ بکەن، هەروەها دەبێت هەر دوو ڕەگەزەکە لە مەترسییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە یەکدی لە هەموو ڕوویەکەوە ئاگادار بکەنەوە. تا منداڵ بزانێت توندوتیژی جەستەیی، نەفسی و دەروونی چییە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەمارگیری، بێ بایەخکردنی یەکدی، بەگژیەکدا چوون و بەکارهێنانی توندوتیژییان بۆ ڕوون بکەنەوە. هاوکات دەبێت لە سیستمی نوێی پەروەردەدا منداڵ فێری ئەوە بکرێت کە بە پاڵپشتی یاسا بەرگری لە مافی خۆی و کەسایەتی خۆی بکات، کە لەم کاتەدا پێویستە پێشتر پرۆژەیاسایەك بۆ ئەو بەرگری کردنە پەسەند کرابێت و یاسایەك هەبێت. هەروەها لەو سیستمە نوێیەدا دەبێت لە تایبەتمەندکردنی کار و پیشە بۆ ژنان و پیاوان دووری بکرێت، واتە پێویستە هەرکەسێك بەخواستی تاکەکەسی خۆی بەبێ هیچ جیاوازییەك پیشەکەی هەڵبژێرێت و ئاسانکاریشی بۆ بکرێت. نەك بۆ نموونە پەرستاری و مامۆستایی بۆ ژنان و فڕۆکەوانی و کەشتیوانی تەنیا بۆ پیاوان بێت. لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتیش پێویستە هەردوو ڕەگەز ڕۆڵیان هەبێت.

**گوڵان:** ئایا تێکەڵکردنی کچان و کوڕان لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن تا چەند لەو ئامانجە نزیکمان دەکاتەوە؟

**د. ئازاد موورادیان:** بێگومان زۆربەی بۆچوونەکانی پیاو بەرامبەر بە ژن لە قۆناغی سەرەتایی و ناوەندیی خوێندن دروست دەبن، بۆیە جوداکردنەوەی قوتابخانەکان و تایبەتکردنی بە کچ یان کوڕ، زیانی زۆرەو هیچ سوودێکی نییە، زانیاری لەسەر بنەماکانی ڕوانین لە مافی ژنان و بڕوابوون بە مافی هاوسەنگ، لە قوتابخانەکانەوە دەچێتە نێو کۆمەڵگە، بەمەش کاریگەریی زۆری لە نەهێشتن و کەمکردنەوەی توندوتیژییەکان دەبێت.

**گوڵان:** ئەی ڕۆڵی میدیا و ڕێکخراوەکانی ناحکوومی لەو بوارەدا چییە و دەبێت چی بکەن؟


**د. ئازاد موورادیان:** ڕۆڵی میدیا لەو بوارەدا زۆر بەرچاوەو هیچی لە قوتابخانەکان کەمتر نییە. میدیا دەتوانێت بەهەموو چەشنێك و بە کەڵك وەرگرتن لە تواناکانی، لەهەموو ڕوویەکەوە زانیاری و هوشیاریی تەواو بە تاکی کۆمەڵگە بدات، پێویستە لەڕێگەی فیلم و شانۆ، گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی شارەزا و زانایاندا یارمەتی سیستمی پەروەردە بدات، تەنانەت لەو بوارەدا ڕیکلامی زۆریشی بۆ بکات. ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکوومییەکانیش زۆر گرنکە، کە بە پشتبەستن بە کەسایەتی خۆبەخەش و بەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ خەڵکدا هەیانە، ببنەپاڵپشتێك بۆ ئەم مەبەستە، کە دەتوانن لە ئەزموونی سیستمی نێونەتەوەیی و دەستکەوتەکانی ئەوان کەڵك وەربگرن، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێ پێش هەموو لایەك حکومەت ڕەچاوی بکات.

**گوڵان:** بێگومان باری ئابووریی سەربەخۆی ئافرەتان، کاریگەریی بەرچاوی لە دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا هەیە، لەو بوارەدا چ گۆڕانکارییەك لەسیستمی ئابووری - سیاسی کوردستاندا پێویستە بکرێت؟

**د. ئازاد موورادیان:** ئەرکی سەرەکیی دەوڵەتە کە هاوسەنگی و یەکسانی لە کار و پیشە بۆ ژنان و پیاوان بەبێ جیاوازی دابین بکات. بێگومان ئەوەش لە بەرژەوندیی خاوەن کار و بازاڕ و سوودی خاوەن سەرمایەدا نییە، بەڵام پەرلەمان بەدەرکردنی یاسایەکی تایبەت دەتوانێت بەر لە بێ عەدالەتی لەو بوارەدا بگرێت. حکومەتیش نابێت بێ پلان بێت، پێویستە بۆ بەهێزکردنی ژنان لە ڕێگەی کار و پیشەوە پلانی هەبێت. چونکە سەربەخۆیی ئابووری لەڕووی سایکۆلۆژییەوە وره و هێزێکی باش بە ژنان دەبەخشێت. ئەگەر سەیری کۆمەڵگە بکەین، دەبینین بەتایبەتی ژنانی ماڵەوە بەهۆی نەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ زۆرجار لەژیانیاندا توندوتیژی بەرامبەریان قبووڵ دەکەن. بەداخەوە نەك لە کوردستان، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیاردانی سیاسیدا کەمە. تا کاتێك ڕێژەی ژنان لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا کەم بێت، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زۆر دەبێت. بە ئاوڕدانەوەیەك لە وڵاتانی ئیسکاندەنافی، وەك (سوید، فینلاند، دانیمارك و نەروێژ) دەبینین بەزیادبوونی ڕێژەی ژنان لەکار و باری سیاسی و ئابووریدا توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زۆر کەم بووە.

**ئێستا ئاسۆیەکی ڕووناکمان لە پێش چاودایە و هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەک لەو بندەستییە ڕزگارکراوە، کەچی دەبینین زۆر جار تاک و لایەنی سیاسی بە زێدەڕۆیی سیاسی و کۆمەڵایەتی کێشە دروست دەکەن**

**بەشێکی زۆر لە هاووڵاتییان نیگەرانی خۆیان لەوە دەردەبڕن کە لە زۆربەی دەزگاکانی راگەیاندن لەکوردستان، گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی لەگەڵ ورووژاندن و بەلاڕێدابردندا تێکەڵ دەکرێ، ئەوەش کاردانەوەی نەرێنی لەسەر کۆمەڵگە دادەنێت.**



# میدیای کوردی لەنێوان گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی و بەلاڕێدابردنی کۆمەڵگە

ئامینە مەحموود، نووسەر و یاساناس و چالاکوانێکی بواری مافی مرۆڤ و ئەنفالە، هەڵگری بڕوانامەی ماستەرەو وەك کەسایەتییەکی ئەکادیمی سەبارەت بە ڕۆڵی میدیاکان لە کۆمەڵگەدا، سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «میدیا لەهەموو جیهاندا پێگەی تایبەتی خۆی هەیە، لەهەموو بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، زانستی، ژینگەیی، هونەری و وەرزشی و.. هتد، رۆڵی کاریگەر دەبینن، بەڵام لەڕاستیدا لە هەموو ئەو بوارانەدا گەر بەشێوەیەکی پڕۆفیشناڵ و پیشەییانە بەتایبەتی لە بواری کۆمەڵایەتی کار نەکرێ، ئەوا کارەسات ڕوودەدات»، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە «لە هەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە هەن، کە زۆربەیان کەموکوڕییان هەیە، بۆ نموونە باسی خیانەتی زەوجی دەکەن، تەنیا وێنەی ئافرەتێك دادەنێن، گوایە تەنیا ژن خیانەت دەکات، ئەوە دوورە لە ڕوومالکردن و باسکردنی رووداو یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و تەنیا سووکایەتیکردن بە ژن، چونکە زۆر پیاوان خیانەت لە هاوسەرەکانیان دەکەن، دەبێت ئەو باڵانسە رابگرن و نابێت بە تەنیا هێرش بکرێتە سەر ڕەگەزێك».

**ئەو بەرهەمانەی میدیاکان کە بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی ناشێ، لادانی ئەخلاقی دروستدەکات**

ئامینە مەحموود، سەبارەت بە ڕۆشنبیری سێکسی هاوسەران و گەیاندنی ئەوجۆرە ڕۆشنبیرییە لەڕێگەی میدیاکانەوە بەمجۆرە رای خۆی دەردەبڕێت: «بەڕاستی لە بواری گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی لەلایەن هەندێك لە میدیاکانەوە زۆر کاری ساویلکانە کراوە، لە وڵاتێکدا کە رۆژنامە و کەناڵە تیڤییەکان نەزانن بۆ چ تەمەنێك بەرنامە و زانیاری بڵاودەکەنەوە، واتە دەستنیشانی نەکەن کە ئەو بەرهەمەیان بۆ منداڵانی ژێر تەمەنی یاسایی ناشێ، ئەوا بێگومان لادانی ئەخلاقی دروست دەبێت، لەوڵاتانی پێشکەوتوو پۆلێنی تەمەنەکان دەکەن، بەڵام لەکوردستان تێکەڵەیەك بەرنامەی زانیاری و ڕۆشنبیری بڵاو دەکرێتەوە، کە هەندێکجار زیانی لە سوودی زیاترە، بۆ نموونە منداڵێك چ نیازێکی بە ڕۆشنبیری سێکسی هاوسەران هەیە، وردەکاری ژووری نووستنی هاوسەران گەر بە شێوەیەکی زانستییانە باس نەکرێت، بۆ خودی هاوسەرانیش کێشە دروست دەکات، چ بگات بە منداڵێکی هەرزەکار، بۆیە پێویستە لەو بوارەدا حکومەت کاری بابەتییانە بکات و میدیاکارانیش رەچاوی تایبەتمەندی تەمەنەکان بکەن، بۆ نموونە دەکرێت رۆشنبیرییە سێکسییەکان لە گۆڤارێکی تایبەتدا بڵاو بکرێتەوەو تەنیا بەردەستی ئەوانە بکەوێت کە هاوسەرگیرییان کردووە، یان بەنیازن بچنە ناو پڕۆسەی هاوسەرگیری، تیڤییەکانیش لە بڵاوکردنی فیلمەکاندا پێویستە بەتایبەتی ڕەچاوی تەمەن بکەن و دەستنیشانیشی بکەن کە سەیرکردنی ئەو فیلمە بۆ چ تەمەنێك ڕێپێدراوە». هەرسەبارەت بەم بابەتە بەختیار ئەحمەد مامۆستای کوردیناسی لە پەیمانگەی تەکنەلۆژی هەولێر، سەبارەت بە هەمان پرس، جەخت لەوە دەکاتەوە «پەیامی رۆژنامەوانی بەرپرسیاریەتییەکی یەکجار سەنگین و زەحمەتی لەئەستۆدایە، بە ئاراستەکراوی هەنگاو بەرەو چاکسازی و ژیاری و گەیاندنی راستییەکان دەهاوێژێت، هەربۆیە لەم پێدانگەیەوە دەبێ بە دوور بێت لە هەموو کارێکی ناڕاست و پەیامێکی نالۆژیك و نادروست». گوتیشی «ماوەیەکە لە زۆربەی رۆژنامەو گۆڤارەکاندا چەندین بابەت لەسەر وروژاندن و کاری سێکسی دەبیسترێ و دەبیندرێ و دەخوێندرێتەوە، کە چەندین شێوازی ئەو بابەتە

بەرچاو دەکەوێ، لە کاتێکدا بابەتی هۆشیاری جووتبوونی هاوسەران بابەتێکی زانستی بەهادارە، بەڵام بە شێوازێك کە درکاندنی ئەو بابەتە لە جغزی خۆی تێنەپەڕێ و بە دەستی ئەنقەست و بە مەرامی گوماناوی و بەناوی جۆراوجۆر کۆمەڵ چەواشە نەکرێ و هەرزەکارانیش تووشی لادان نەکات».

### زۆرجار راپۆرتنووس بەمەزاجی خۆی و بۆ ورووژاندن باسی جووتبوون و سەرجێی هاوسەران دەکات

ئەو مامۆستایە لەوە بەداخە کە «زۆربەی ئەو بابەتانەی کە لە بواری رۆشنبیری سێکسی دەورووژێندرێن، تەنیا راناوی کەسی یەکەمی دیارەو زۆرجار راپۆرتنووسە کە لە گیرفانی خۆیەوەو بەمەزاجی خۆی باسی ورووژاندن و جووتبوون و تەنانەت سەرجێی هاوسەران دەکات، واتە بێئەوەی زانیاری زانستی و تەندروستی و ئایینی هەبێت، بە هەرمەرەکی دەچێتە ناو بابەتەکە و لەسەر زاری خەڵك راپۆرتەکە تەژی دەکات لە قسەی ناشیرینی بێ بنەما و سواو، لە بەرامبەر وەرگرتنی چەند دراوێك هەموو پیرۆزییەکانی خێزان و ژیانی هاوسەرگیری و پێگە کۆمەڵایەتییەکان لەبار دەبات، لە کاتێکدا ئەم بابەتە کاری کەسانی پسپۆڕ و شارەزان لەو کەیسە هەستەوەرە کە وێنا جوانەکانی ژیانمان پیشاندەدات بە ئەدگارەکانی جوانی خێزان و تایبەت و ژیاری پێکەوە ژیان دەسازێ».

بەختیار ئەحمەد پێشنیاری ئەوەشی کرد کە «میدیای کوردی هەڵوەستەیەك و چاودێرییەکی ئەو بابەتانە بکات کە بڵاودەکرێنەوە، لەبەرئەوەی ئەوەندە بە نارۆشنی و نەشارەزایی دەچنە ناو بابەتەکەوە، خوێنەر قێزی لێدەبێتەوە، هەست بە شەرمەزاری و سووکایەتی دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا دەبێتە هاندانی کەسانێك کە بە ناشەرعی و بە نادروستی دەست بۆ کاری سێکسکردن ببەن و لەئاکامدا ماڵوێرانی و شەرمەزاری لێدەکەوێتەوە».

### پێویستە چاودێرییەکی توندی ئەو میدیایە بکرێ کە ورووژاندن و لادانی ئەخلاقی دروستدەکات

عەلی قاسم دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایانە لە ئاکرێ و بە نیگەرانییەکی زۆرەوە رەخنەی توند لە رۆڵی میدیا لە گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی دەگرێت و لە پێش هەموو شتێکدا بەپێویستی دەزانێت کە «چاودێرییەکی توندی ئەو میدیایە بکرێ کە ورووژاندن و لادانی ئەخلاقی دروستدەکات»، گوتیشی «لەم سەردەمەدا زانست بەهەموو شێوەیەك لە سەرکەوتندایەو رۆژ بەدوای رۆژ بەرەو لووتکەیەك دەڕوات، کە هەموو مرۆڤێك دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێ، کەچی سەیردەکرێ لەکوردستانی خۆشەویستمان بەشێکی زۆر لە دەزگاکانی راگەیاندن بەشێوەیەکی نارەوا و نابابەتییانە هەوڵدەدەن کەلتوور و رەوشتی کۆمەڵایەتی و عادات و تەقالیدی جوانی کوردەواری بە چەسپاندنی بیروباوەڕ و کەلتووری ناشیرینی بێگانە ساغ بکەنەوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە ژێر ناوی گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی و پرسی جێندەری، بەهەموو شێوەیەك هەوڵدەدەن بیر و باوەڕی ئیسلامی لەناو ببەن».

### پێویستە بەبێ شارەزایی لە ئایین باسی جووتبوونی هاوسەران نەکرێت

مەلا شێخ تاهیر، کە وەك کەسایەتییەکی ئایینی لەبارەی گەیاندنی رۆشنبیری جووتبوون لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنەوە دەڵێت «لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، رێنمایی زۆر هەیە بۆ ئەوەی هاوسەران چۆن مامەڵەی جووتبوون لەگەڵ یەکتر ئەنجام بدەن، ئەگەر کێشەشیان هەبێت، ریشەی تەنیا بۆ ژووری نووستن ناگەڕێتەوە، کێشەکانیان دەکرێت هۆکاری زۆری هەبێت، لەوانە: لەیەك تێنەگەیشتن و دەستتێوەردانی خزموکەسوکار و گرفتی دارایی و دووورکەوتنەوەی پیاو لەماڵ و... هتد، بەڵام بەداخەوە زۆرجار راگەیاندنەکان کە باسی کێشەی هاوسەران دەکەن، بەبێ شارەزایی لە ئایین و کەلتووری کۆمەڵگە بەشێوەیەکی رەها باسی نهێنییەکانی ژووری نووستنی هاوسەران دەکەن، زۆر جاریش هاندان و ورووژاندنی جووتبوونی حەرام لە کارەکانیاندا دەبینرێ، بۆ نموونە باسی جووتبوون لەگەڵ لەشفرۆشێك دەکرێ، کە ئەوە هاندانەو گوناهێکی گەورەیەو نە شەریعەت و نە کۆمەڵگەش قبووڵی ناکات»

### نابێت بەهیچ شێوەیەك لە بەها و بایەخەکانی ئافرەت کەم بکرێتەوە

ئیبراهیم حاجی، راگەیاندکارو ئەویش رایوایە راگەیاندن لە وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە رۆڵی سەرەکی دەبینێت، هاوکات هێما بۆ ئەوە دەکات کە «گەیاندنی رۆشنبیری هەمەجۆر لە گشت بوارەکاندا ئەرکی سەرشانی راگەیاندنە، بەڵام پێویستە رەچاوی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەش بکرێت»، لەبارەی رۆشنبیری سێکسیش گوتی «بەشێوەیەکی شەفاف و راستگۆیانە دەکرێ بگوترێ زۆربەی هاوسەران بەبێ رۆشنبیری سێکسی ژیانی هاوبەشیان دەست پێدەکەن و زۆر جاریش کێشەیان بۆ دروست دەبێت، بەتایبەتی کۆمەڵێك بنەما هەن کە بەهۆی شەرمکردن و عەیبە پێشتر لە نێوان هاوسەران باسی ناکرێ، بۆیە پێویستە راگەیاندن بەشێوەیەکی زانستییانە کار بکات و لە گەیاندنی رۆشنبیرییەکان کەمتەرخەمی نەکات»، ئیبراهیم جەختی لەوەش کردەوە کە لە هەموو حاڵەتێکدا پێویستە رێز لە ئافرەت بگیردرێ و بەتایبەتی لە راگەیاندنەکان بایەخ بە مافەکانیان بدرێت، چونکە، «ئافرەت دایکی پیاوە، هاوسەری پیاوە، منداڵی پیاوە و نیوەی کۆمەڵگەیە، نابێت بەهیچ شێوەیەك لە بەها و بایەخەکانی ئافرەت کەم بکرێتەوە».

### نەبوونی رۆشنبیری و وشیاری لە هەموو بوارێکدا کاریگەری خراپ لەسەر تاك دادەنێت

رووبار کانەبی، وەك کچێکی گەنج هێما بۆ ئەوە دەکات کە نەبوونی رۆشنبیری و وشیاری لە هەموو بوارێکدا کاریگەری خراپ لەسەر تاك دادەنێت، سەبارەت بە رۆڵی میدیاکانیش لە گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی دەڵێت «پێویستە میدیا باسی کێشەکانی هاوسەران و هۆکارەکانی بکات و تەنیا بە سێکسەوە گرێی نەدات، باسی ئەوە بکات کە لە تەمەنی نەگونجاو هاوسەرگیری سەرکەوتوو نابێت، باسی کێشەکانی هاوسەرگیری بە زۆرەملێ و گەورە بە گچکە و نەبوونی دارایی سەربەخۆ و شتی لەو جۆرە بکات، خۆ کێشەی هاوسەران تەنیا سێکس نییە، دوو کتێب لەو بوارە بخوێننەوە هەموو زانیارییەك وەر دەگرن».



**ئامینە مەحموود:**

**بەشێک لەمیدیای کوردی لەبواری گەیاندنی رۆشنبیری سێکسی کاری ساویلکانەی کردووە**



**مەلا شێخ تاهیر:**

**ورووژاندنی جووتبوونی حەرام گوناهێکی گەورەیەو نە شەریعەت و نە کۆمەڵگەش قبووڵی ناکات**



**ئیبراهیم حاجی:**

**گەیاندنی رۆشنبیری لە گشت بوارەکاندا ئەرکی سەرشانی راگەیاندنەو پێویستە رەچاوی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەش بکرێت**



**رووبار کانەبی:**

**پێویستە میدیا باسی کێشەکانی هاوسەران و هۆکارەکانی بکات و تەنیا بە سێکسەوە گرێی نەدات**

دەروونناس: سامان سیوەیلی

بەو پێودانگەی ئافرەتان ڕووبەڕووی چەند گۆڕانکارییەکی فسیۆلۆژی وەك (سوڕی مانگانە، دووگیانیی، وەستانی سوڕی مانگانە) دەبنەوە، بۆیە ئەم فاکتەرانە کاریگەرییان دەبێت لەسەر چاکجۆری خەو لای ئافرەتان، چونکە ئەم فاکتەرانە دەبنە هۆی گۆڕانکاری لەئاستی هۆرمۆنەکان، هەروەها سەرقاڵی ئافرەتان بەکاروباری ماڵ و منداڵ و کارکردن لەدەرەوەی ماڵ کاری کردۆتە سەر کەمبوونەوەی ژمارەی کاژێرەکانی نووستنیان.

دووگیانیی لەگەڵ خۆیدا چەندین گۆڕانکاری دەهێنێت کە کاریگەرییان دەبێت بۆ سەر خەو، ئازاری هەردوو قاچ و ماسولکەکان و گێژبوون و هەستکردن بەترشەڵۆکی گەدە و جووڵەی کۆرپەلە، تێکڕا ئەمانە کار دەکەنە سەر بەپیتی خەو. لەڕاپرسییەکدا لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەنجامدراوە لەنێو ئافرەتانی دووگیاندا دەرکەوتووە کە (٪٧٨) ئافرەتانی دووگیان دووچاری تێکچوونی خەو هاتوون لەماوەی دووگیانیاندا. بەگشتی دەتوانین کاریگەری دووگیانیی لەسەر خەو دابەش بکەین بۆ سەر سێ قۆناغ:

یەکەم: سێ مانگی یەکەمی دووگیانیی: هۆرمۆنی (برۆجیستیرۆن) لەخوێندا زیاد دەکات کەدەبێتە هۆی زۆر خەوبردنەوە و زۆر نووستن بەبەراورد لەگەڵ ماوەکانی پێش دووگیانییەکە، هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی ئارەزووی میزکردن لەشەواندا کەئەمەش دەبێتە هۆی پچڕ پچڕبوونی خەو و خەواڵوویی لەڕۆژدا.

دووەم: سێ مانگی ناوەڕاست: ئاستی هۆرمۆنی (برۆجیستیرۆن) بەردەوام دەبێت

# خەو لای ئافرەتانی دووگیان



لەزیادبـــوون بەڵام بەشـــێوەیەکی خاوتر، خەو باشـــتر دەبێت لەچاو ســـێ مانگی یەکەمی دووگیانیدا بەڵام هێشـــتا خراپتـــرە لەگەڵ خەوی پێـــش دووگیانیدا. ئارەزووی میزکردن لەشەودا کەمتر دەبێتەوە کەئەمەش تارادەیەك دەبێتە هۆی جێگیربوونی خەو.

سێیەم: ســـێ مانگی کۆتایی: لەم قۆناغەدا زۆرێك لەئافرەتان دووچاری تێکچوونی خەو دەبن، چەند ڕاپرســـییەك دەریانخســـتووە کە (٩٧٪) ئافرەتـــان لەکۆتاییەکانی دووگیانیدا دووچاری تێکچوونەکانـــی خەو دەبنەوە. لەم قۆناغەدا ئارەزووی میزکردن لەشـــەودا زیاد دەکات بەهـــۆی ئەو فشـــارەی کۆرپەلە لەسەر میزەڵدانـــی دایك دروســـتی دەکات ئەمەش دەبێتە هۆی پچـــڕ پچڕبوونی خـــەو. هەروەهـــا زۆرێك لەئافرەتان لەم قۆناغەدا دووچاری ســـوتانەوە و سووربوونەوەی ناوپۆشی لوت دەبن کەدەبێتە هـــۆی قورســـی لەهەناســـەداندا بەتایبەتی لەشـــەواندا ئەم حاڵەتەش کار دەکاتە ســـەر خەو.



لەماوەی دووگیانیدا هەندێ جۆری تێکچوونی خەو ســـەرهەڵدەدات کەپێشـــتر بوونی نەبووە، لەلێکۆڵینەوەیەکـــدا دەرکەوتـــووە کە(٣٠٪) ئافرەتانی دووگیان لەماوەی دووگیانبوونیاندا بۆ یەکەم جار تووشی پرخەپرخ هاتوون.

سووتانەوەی زۆری لوت و گیرانێکی بەتینی لوت دەبێتە هۆی داخستنی ڕێڕەوی سەرەوەی هەناسەدان و وەســـتاندنی هەناسەدان ئەمەش دەبێتە هۆی پچڕ پچڕبوونی خەو لەشـــەودا و زۆر خەوبردنەوە لـــەڕۆژدا، هەروەها دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی ئۆکسجین لەخوێن و بەرزبوونەوەی فشـــاری خوێـــن لەئافرەتی دووگیانـــدا. ئەگـــەر ئافرەتـــی دووگیـــان دووچاری پرخەپـــرخ و خەوبردنەوە هات ئەوا دەبێت سەردانی پزیشکی پسپۆر بکات.

هەروەهـــا ئافرەتی دووگیـــان زیاتر ئەگەری تووشبوونی هەیە بە (ناجێگیرە جووڵەی هەردوو قاچ)، ئـــەم حاڵەتە یەکێکە لەتێکچوونەکانی خەو و بریتییە لەکۆمەڵە هەســـتێکی ناخۆش و نائارام کـــە وادەکات ئافرەتە دووگیانەکە ئارەزوویەکـــی بەتینی هەبێت بۆ جوڵاندنی هەردوو قاچی یاخود بۆ ڕۆیشـــتن، ئەم حاڵەتە دەشـــێت لەهەر کاتێکی ڕۆژدا ڕووبـــدات بەڵام لەزۆرینـــەی حاڵەتدا پێـــش کاتـــی نووســـتن ڕوودەدات لەئەنجامـــی ئەم جوڵـــە پێکردنەی قاچەکانـــدا ئافرەتـــی دووگیـــان بەئاســـانی خـــەوی لێناکەوێت و دواتریش تووشـــی بێخەوی دێت، ئـــەم حاڵەتەش دووچاری (١٥٪) ئافرەتانی دووگیان دەبێت.

چەنـــد ئامۆژگارییەك بۆ ئافرەتی دووگیان لەمبوارەدا:

١- دەبێت ئافرەتی دووگیان لە ســـێ مانگی کۆتایی دووگیانییەکەیدا لەسەر لای چەپ بخەوێت، چونکە ئەم بارە ڕۆیشـــتنی خوێن بۆ کۆرپەلە و بۆ هەردوو گورچیلە ئاســـان دەکات، هەروەها نابێت لەسەر پشت بخەوێت بۆ ماوەی درێژ.

٢- دەبێت ئافرەتی دووگیان لەڕۆژدا زۆر شلەمەنی بخواتەوە و لەشەودا خواردنەوە کەم بکاتەوە.

٣- ئەنجامدانی وەرزش بەبەرنامە.

٤- چەند بـــارە خواردنی ژەمی ســـووك لەمـــاوەی ڕۆژدا وادەکات گـــەدە تێر بێت و هەســـتکردن بەگێژبـــوون و ترشـــەڵۆك کەمبێتەوە.

وەستانەوە لە سوڕی مانگانە و کاریگەریی لەسەر خەو:

لەگەڵ نزیکبوونەوەی ئافرەت لە تەمەنی وەســـتانی ســـوڕی مانگانـــە، هۆرمۆنە مێینەکانی (ئەســـترۆجین و برۆجیسترۆن) بـــەرەو دابەزیـــن و کەمبوونـــەوە دەچن لە جەســـتەی ئافرەتاندا، ئەم کەمبوونەوەیەش هەنـــدێ گۆڕانکاریـــی دەخوڵقێنێـــت، بۆنموونە هەندێ لە ئافرەتان لەم قۆناغەدا دووچـــاری حاڵەتێك لە هەســـت کردن بە گەرما لەسەرتاپای جەســـتەیاندا دێن کە عارەق کردنەوە بـــەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەم حاڵەتـــەش دووچاری (٣٦٪) ئافرەتان دەبێت لەم تەمەنەدا و کاریگەریی لەســـەر چاکجۆری خەویان دەکات، ئەم حاڵەتە وەك باوە نزیکەی (٥) ساڵ دەخایەنێت، ڕەنگە ئافرەتان لـــەم تەمەنەدا هەمـــان ژمارەی کاژێرەکانی نووســـتنی جارانیـــان بخەون، بەڵام چاکجۆری خەویان کەمدەکات.

لەم تەمەنەدا ئامۆژگاری ئافرەتان دەکرێت بە سەردانی پزیشکی ئافرەتان بکەن.

خەو لای ئافرەتانی فرە منداڵ:

ئەو ئافرەتانەی بوونەتە دایکی ژمارەیەك لە منداڵ، یاخود ئەو ئافرەتانەی خێزانەکانیان لە جۆری خێزانی فـــرە ئەندامییە و چوار یان پێنج یان شەش و زیاتر منداڵیان هەیە، بێگومـــان ئەرکی ناومـــاڵ و بەڕێکردنی کاروبارەکانـــی ژیانی ڕۆژانەی ئەندامانی خێزان فشـــارێکی دەروونی و جەســـتەیی زیاتریان دەکەوێتە ســـەر، بۆیە بەشێوەیەکی گشـــتی کێشـــەی خەویان زیاتـــرە لەچاو ئـــەو ئافرەتانەی کە تەنهـــا منداڵێك یان دووانیـــان هەیە، وە ئەگەر لەنـــاو خێزاندا منداڵێکـــی خـــاوەن پێداویســـتی تایبەت هەبێت یاخود ئەندامێکیان نەخۆشـــییەکی درێژخایەنی هەبێت ئەوا لەمبارانەدا دایك پشـــکی شـــێری لە ماندووبوون و ئەرك و بێداربوونەوەی شـــەواندا بەردەکەوێت، بۆیە دەتوانین بڵێین بەگشـــتی ئەو ئافرەتانەی لەمبارانەدا گوزەران دەکەن، زیاتر دووچاری تێکچوونەکانی خەو دەبن.

## هودا خەلیل:

# بەشێکی زۆر لە ئافرەتان غەدریان لێ دەکرێت



**هودا خەلیل، چالاکوان و ڕاگەیاندکارو یەکێکە لەو ئافرەتە کوردانەی لەماوەیەکی کەمدا توانیویەتی وەک کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی خۆی لە بواری چالاکی لەپێناوی دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتدا بگێڕێت، لەم چاوپێکەوتنەشیدا لەگەڵ گوڵان، سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا و ئاریشەکانیان و کۆسپەکانی بەردەمیان و هەروەها ژیان و خەونەکانی تایبەت بە خۆی، وەڵامی چەند پرسیارێك دەداتەوە.**

*** سەرکەوتنی مرۆڤ لەچیدا دەبینیت و ئافرەت چۆن دەتوانێت خۆی لە چەوساندنەوەی ڕەگەزی ڕزگاربکات؟**

- بەر لەهەموو شتێك دەبێت یەکەمجار تاك باوەڕی بەخۆی هەبێت و بتوانێت کەسایەتی بۆ خۆی دروست بکات، دروستکردنی کەسایەتی بۆ هەردوو ڕەگەز زۆر گرنگەو لە کۆمەڵگەی دواکەوتووشدا ئەرکی ئافرەت لەو بوارەدا قورسترە، چونکە دەبێت بتوانێت بۆ بەرامبەرەکەی بیسەلمێنێت کە گەر لەو باشتر نەبێت، کەمتر نییە، پیاو چۆن دەتوانێت ئیشی خۆی بکات، منیش دەتوانم ئیشی خۆم بکەم، تەنانەت هەندێکجار ئافرەت دەتوانێت زیاتر لە پیاو لە ڕاپەڕاندنی کارەکانیدا سەرکەوتوو بێت. ئەوەشی کە من زۆر بێزار دەکات، غەدرکردنە لە ئافرەت، بەڕاستی وەك دەبینین بەشێکی زۆر لە ئافرەتان غەدریان لێدەکرێت، بەداخەوە ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی پیاوسالاریدا دەژین، کۆمەڵگەی لەو جۆرەش بە هەمووشێوەیەك ئافرەتان دەچەوسێننەوە، ئافرەتی ئێمە هەموو کاتێك بندەستی پیاو بووە، هەموو کاتێك پیاو لەجیاتی ئافرەت بڕیار دەدات، واتا پیاو فەرمان بە ژنەکەی دەکات کە چۆن هەڵسوکەوت بکات و چۆن کارەکانی بکات، ڕاستە ئێستا تا ڕادەیەك ژیانی تاکەکان گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام ڕێژەی باشتربوونی مافەکانی ئافرەتان زۆر کەمە و دەتوانم بڵێم تەنیا لەناو شارەکان،ئەویش تاڕادەیەك کێشەکانی ئافرەت بە هۆی کارکردن و بوونی داهاتی سەربەخۆ چارەسەربووە، بەڵام لە شارۆچکە و گوندەکاندا بەهۆی نەبوونی مووچەو داهاتی ئافرەت و نزمی ڕۆشنبیری هەتا ئەمڕۆش ئافرەت لەژێر ستەمی پیاواندایەو ژنکوشتنیش وەك دیاردە تائێستاش نەك لە لادێ بەڵکو لەناو شارەکانیش بنبڕنەبووە.

**ئافرەت زۆر لەوە پیرۆزترە لە نووسینگەیەک بەرامبەر بە ٢٥ هەزار دینار هاوسەرگیری بکات**

*** دەگوترێت ئەو ئافرەتانەی کە خاوەن داهاتن، یان مووچەشیان هەیە، ئەوانیش تووشی کێشەی توندوتیژی دەبن، لەوبارەیەوە رات چییە؟**

- بێگومان کێشەکانی نێو کۆمەڵگەی ئێمە زۆرن، کێشەی ئافرەتی کورد ئەوەیە کە ڕەگەزی بەرامبەری بەداخەوە بەشی هەرە زۆری پیاوان بەسووکی تەماشای ئافرەت دەکەن و تەنیا لە جەستەی دەڕوانن، بەڵام من لێرەوە بەو پیاوانە دەڵێم ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە کە ئەوان تەنیا بیر لە جەستەی بکەنەوە.

*** وەك چالاكوانێك چۆن دەڕوانیتە هۆكارەكانی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق كە لە هەرێمی كوردستان ڕێژەیەكی پێوانەیی تۆمار دەكات؟**

- وەك تێبینیم لەسەر كەیسەكانی تەڵاق هەبووە، بەشی هەرە زۆری بەهۆی نەگونجانەوە بووە، وەك دەزانین نەگونجانیش بەهۆی لێكتێنەگەیشتنەوە دروستدەبێت، خاڵێكی دیكەش كە ڕێژەی تەڵاقی بەرزكردۆتەوە هاوسەرگیرییە لەتەمەنی هەرزەكاری و منداڵی، زۆر كوڕ و كچ هەیە لە تەمەنی چواردە پانزە ساڵیدا دەچنە نێو ئەم پرۆسەیەوە، ئیتر هیچ زانیارییەكیان لەسەر ژیانی هاوسەری نییە، ئەمە هۆكارێكی كاریگەرە، بێجگە لەوەش هاوسەرگیریی زۆرەملێ هۆكارێكی دیكەیە كە تا ئێستاش بوونی هەیە، ئەمەش گرفتێكی گەورەیە، دەبێت كوڕ و كچ بیر لە واقعی ژیانیان بكەنەوەو بزانن ئایا چۆن دەتوانن لەگەڵ یەكتردا بگونجێن.

*** سەبارەت بە هاوسەرگیری بەڕێكەوت و بەتایبەتی ئەو هاوسەرگیرییەی كە لە پرسەكان و بۆنەكانی تایبەت بە ئافرەتاندا ڕوودەدات رات چییە؟**

- ئەو هاوسەرگیرییەی كە لەنێو پرسەكان یان هەر بۆنەیەكی دیكە ڕوودەدات،تابڵێی نادروستە، چونكە هاوسەرگیری لەسەر بنەمای گونجاندن و لێكتێگەیشتن دروست دەبێت، ئەگەر كوڕ وكچێك یەكتریان نەدیبێت و نەتوانن لەگەڵ یەكتر قسەبكەن، ئەو هاوسەرگیرییە هەرگیز سەركەوتوو نابێت.

*** دەگوترێت ئایین هۆكارێكی سەرەكی زیادبوونی توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتانە، ئەوە تا چەند ڕەوایە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی برایەتی و خۆشەویستییە، بەڵام بەداخەوە لای ئێمە هەندێك كەس بەهەڵە تەفسیری دەكەن و لەپەنایدا توندوتیژی دەكەن. ڕۆشنبیری عەلمانیشمان هەیە بەرامبەر بە خێزانی خۆی توندوتیژی دەكات، ئافرەت هەیە زۆر لەپیاو بەتواناتر و بەهێزترە، بەڵام كۆمەڵگە ڕێگری لێدەكات و ناهێڵێت ئەو ئافرەتە سەركەوتوو بێت، كەواتە تەنیا ئایین نییە، كۆمەڵگە بەگشتی كاری بۆ ئەوە نەكردووە كە ئافرەت بەرگەی كێشەكان بگرێت و داكۆكی لە مافەكانی خۆی بكات.

*** بۆچی لە زۆربەی وڵاتانی دواكەوتوودا،تەكنەلۆژیا بە هۆكارێكی زیادبوونی توندوتیژی دەزانرێت؟**

- لەبەر ئەوەی بۆ شتی خراپ بەكاری دەهێنن، كاتێك بە باشی سوود لە تەكنۆلۆژیا وەرناگرن بێگومان توندوتیژی لێدەكەوێتەوە. هەموومان دەزانین كە مۆبایل و ئینتەرنێت و فەیسبوك لە كۆمەڵگەی ئێمەشدا هەیە، بەڵام پێویستە بەجۆرێك بەكاری بهێنین كە زیانی نەبێت، بەداخەوە لەلای ئێمە بەشی هەرە زۆری كێشەكان بەهۆی مۆبایلەوە ڕوویان داوە.

*** نووسینگەی هاوسەرگیری كراوەتەوە، چ خوێندنەوەیەكتان بۆی هەیە؟**



**كۆمەڵگە بەگشتی كاری بۆ ئەوە نەكردووە كە ئافرەت بەرگەی كێشەكان بگرێت و داكۆكی لە مافەكانی خۆی بكات**

- بێگومان ئەوە سووكایەتی كردنە بەئافرەت، چونكە ئافرەت زۆر لەوە گەورەترە كە بەهۆی نووسینگەیەكەوە هاوسەرگیری بكات، ئافرەت زۆر لەوە پیرۆزترە لە نووسینگەیەك بەرامبەر بە ٢٥ هەزار دینار هاوسەرگیری بكات.

*** چ پەیامێكت بۆ ئەوانە هەیە لەكاتی شۆ فێریدا ئافرەتان هەراسان دەكەن؟**

- بێگومان هەراسانكردنی ئافرەتان لەكاتی شۆ فێریدا یەكێكە لەو هەڵسوكەوتە بێزراوانەی كە ئەمڕۆ هەستی پێدەكرێت، ئەو پیاوانەی ئەم كارانە ئەنجام دەدەن، كەسانێكی دەروون نەخۆشن و دوورن لەهەموو بەهاكانی مرۆڤایەتی.

*** ئەدای ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- بەڕای من ڕێكخراوەكانی مافی ئافرەت كاری باشیان كردووە، بەڵام پێویستە زیاتر خۆیان ماندوو بكەن، پێویستە ئەوان زیاتر كار لەسەر ژنانی گوندنشین بكەن، بەر لەوەی كاركردنیان لەسەر ژنانی شارنشین بێت چونكە ڕێكخراوەكانی ژنان و ئافرەتان لەشارەكان تارادەیەك كاری باشیان كردووە، بەڵام گوندەكان كە كێشەكانیشیان زیاترە پەراوێز خراون.

*** وەك دواپرسیار لە ژیانی خێزانی خۆت تا چەند ڕازیت و چ بەربەستێكیان بۆ چالاكییەكانت دروست كردووە؟**

- بەر لەهەموو شتێك ڕێزم بۆ سەرجەم كەسانی نێو دەزگاكانی ڕاگەیاندن هەیە، بەڵام دایك و باوكان لە كۆمەڵگەی ئێمە بوار بە ئافرەت نادەن لە میدیاكان كار بكەن، من زۆر سوپاسی دایك و باوكم دەكەم كە هەمیشە ئازادییان بۆم ڕەخساندووە، من لەمنداڵییەوە كچێكی سەربەست بووم و خاوەنی كەسایەتیی تایبەتی خۆم بووم، بۆ ئەوەش منەتباری دایك و باوكی خۆمم.

# ئافرەتانی خاوەن داهات کەمتر ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبنەوە

**لەوەتەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە، مرۆڤەکان بەشێوەی جیاواز ڕووبەڕووی توندوتیژیی جۆراوجۆر بوونەتەوە تا هەنووکەش جۆرەکانی توندوتیژی بنبڕ نەبوونە. ئەوەشی زیاتر زەق و بەرچاوە توندوتیژیی خێزانی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێینەیە، (جیاوزای جێندەری)یش لە کۆمەڵگەی پیاوسالاردا بە یەکێك لە هۆکارانی توندوتیژی دادەنرێت، بەڵام کۆمەڵناسان جەخت لەوە دەکەنەوە کە وێڕای بەرزکردنەوەی هوشیاریی تاك، پێویستە ئافرەتان خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ بن، ئەوەش ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەریان کەم دەکاتەوە.**

### داهاتی سەربەخۆی ئافرەتان ڕێگری لە کێشەی خێزانی دەکات

زۆربەی توێژەران و شارەزایان رایانوایە ئەگەر ئافرەت خاوەنی مووچەی خۆی بێت، دەتوانێت زیاتر لە ناو ماڵ و ژیانی خێزانیدا بڕیاردەر بێت، ئەوەش تا ئاستێکی بەرچاو ڕێگری لە سەرهەڵدانی توندوتیژیی خێزانی دەکات.

سۆنیا کاکل، فەرمانبەرێکی فەرمی حکومەتەو جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەت ئەگەر داهاتێکی باشی هەبێت، دەتوانێت کەسایەتییەکی سەربەخۆی هەبێت. ئەوەش بە «کارتێکی براوە» لە مامەڵەی ڕۆژانەی ژیاندا دەزانێت و دەڵێت «ئافرەتی خاوەن داهات لەڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانەوە یارمەتیدەرێکی باشی خێزانەکەی دەبێت، لە ژیانی هاوسەریشدا بێگومان کاریگەریی زۆر و ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر کەمکردنەوەی توندوتیژی و دەتوانێت متمانەیەك لە نێوان خۆی و هاوسەرەکەی یان خێزانەکەی دروست بکات».

شنۆ عەلی فەرمانبەر لە وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، هەمان ڕای هەیەو جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئافرەتی خاوەن مووچەو ئافرەتی بێ مووچەدا دەبینێت و لەوبارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر ئافرەتێك خاوەنی داهاتێکی دیاریکراو بێت، لەڕووی زۆر شتەوە جیاوازە لە ئافرەتێك کە هیچ داهات و مووچەیەکی نەبێت، ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە بتوانێت ژیانێکی سەربەستی هەبێت».

بەڵام ئافرەتانی ماڵەوە ڕوانگەی تایبەت بە خۆیان هەیە، هەندێکیان بەو قسمەتەی خۆیان ڕازین کە چاولەدەستی خێزان و هاوسەریان بن، هەندێکیشیان ڕاشکاوانە خەمەکانی خۆیان بە هۆی نەبوونی داهاتی سەربەخۆوە دەدرکێنن.

### پیاوەکەم کە پارەی خەرجیی ماڵم دەداتێ، سووکایەتیم پێدەکات

ئەوەتا سومەیەی تەمەن ٤٣ ساڵ کە حەز ناکات ناوی تەواوی خۆی ئاشکرا بکات، دەڵێت: «من کاتی خۆی نەیانهێشت خوێندن تەواو بکەم، بۆیە ئیدی نەمتوانی دابمەزرێم، هەر لەبەر ئەوەشە کە ئێستا هیچ مووچەو داهاتێکم نییە، دەبێت بەردەوام چاوم لە دەستی مێردەکەم بێت، کە زۆر جار بۆ کڕینی شتومەکی خۆم و خێزانەکەم ئازاری داوم، ڕۆژانە بۆ کڕینی پێداویستیی خێزانەکەم، لەگەڵ مێردەکەم تووشی کێشە دەبم، جاری وا هەبووە کە پارەی خەرجیی ماڵم دەداتێ، بە هەڕەشە سووکایەتیم پێدەکات».

نەبوونی داهاتی سەربەخۆ تەنیا کێشەی یەك ئافرەت یان چەند ئافرەتێك نییە، بەڵکو هەموو ئافرەتان کەلایەنی ئابوورییان لاوازە، ڕووبەڕووی ئەم کێشەیە دەبنەوە.

«من نەخوێندەوارم، ژنی ماڵەوەم، ژنی ماڵەوەش هیچ جۆرە مووچەیەکی نییە، ئەگەر خاوەنی مووچەی خۆم بوایەم، دەمتوانی زۆربەی پێداویستییەکانی خۆم دابین بکەم و یارمەتی هاوسەرەکەم و خێزانەکەشم بدەم».

ئەمە قسەکانی ئافرەتێکی دانیشتووی گەڕەکی ئازادی شاری هەولێر بوو. ئەو کە خۆی بە دایکی میقداد ناساند، جەختی لەوە کردەوە کە ئافرەتانی خاوەن مووچە و داهات توانای ئەوەیان هەیە متمانەی زیاتر لە نێوان خێزان مسۆگەر بکەن.

### گەر داهاتت نەبێت و داوای زۆر شت بکەیت ڕووبەڕووی توندوتیژی دەبیتەوە

زۆربەی ئەو ئافرەتانەی کە خاوەنی داهات نین، نایشارنەوە کە هەست بە جۆرێك لە کەمی دەکەن، باسی ئەوەش دەکەن کە بە هۆی ئەوەی داهاتیان نییە، ناتوانن زۆر داواکاری و پێداویستییان هەیە لای هاوسەری خۆیان باسی بکەن، گەر باسیشی بکەن، زۆرجار ڕووبەڕووی سزا و سووکایەتی و توندوتیژی دەبنەوە.

بەشێکی زۆر لە توێژەرانی کۆمەڵایەتیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە لایەنی ئابووری کاریگەریی زۆری لەسەر دروستبوونی هۆکارەکانی توندوتیژی هەیە. ئاماژە بۆ ئەوەش دەکەن کە ئافرەتی بێ مووچە و داهات ناتوانێت بە ئارەزووی خۆی پێداویستییەکانی دابین بکات، ئەگەر داواکاریشی زۆربێت ئەوە



لەلایەن برا، باوك، یان هاوسەرەوە تووشی توندوتیژی جەستەیی یان دەروونی دەبێت.

**ئابووری باشترین ئامرازە بۆ توانا خودییەکان بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی**

سەرۆکی سەنتەری چارەسەری دەروونی (هانا عوسمان) وەك توێژەرێکی کۆمەڵایەتی ئاماژە بەوە دەکات کە ئافرەت بەهێزترین کەسە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەدا، بەڵام لە هەموو سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئابووری دابڕێنراوە، چونکە کەلتوور و کۆمەڵگە ڕێگری لێدەکەن. ئەو توێژەرە دەڵێت «بێگومان لایەنی ئابووری کاریگەری زۆر گرنگی لەسەر ژیانی تاك لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە، چونکە زۆربەی تاکەکان ژیانیان بەشێوازێکی ماددی دیاری کراوە پەیوەستە بەکۆمەڵێك پرەنسیپی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئابووری باشترین ئامرازە بۆ توانا خودییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و ئافرەت بەشێوەیەکی تایبەتی، بۆیە ئافرەت گەر خاوەنی ئابووری خۆی بێت، کەمتر تووشی کێشە دەبێت».

**کۆمەڵگەی ئێمە بەشاردنەوەی تواناکانی ئافرەت سەرجەم تواناکانی خۆی پەکخستووە**

هانا هێمای بۆ ئەوەش کرد کە ئابووری تەنیا بە وەرگرتنی مووچە بەدەست نایەت، چونکە کەی مووچەکەی لێسەندرا، بێ ئابووری دەمێنێتەوە. بۆیە پێویستە بتوانین ئابووریی سەربەخۆ و هەڵقوڵاوی کۆمەڵگە بەرجەستە بکەین، هەتا هیچ دەسەڵاتێك نەتوانێت لێمان بستێنێتەوە، وەك کشتوکاڵ، کارگەکانی بەرهەمهێنانی هەموو پێداویستیەکان بەشێوەیەکی سروشتی، سەندنەوەی هەموو موڵکە گشتییەکان لە دەوڵەت، کارکردن لە هەموو بوارە ئابوورییەکاندا بە ئەقڵییەتی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و ژینگەپارێز و ئازادی ڕەگەزی. هانا لەدێژەی قسەکانیدا گوتیشی: «کۆمەڵگەی ئێمە بەشاردنەوەی تواناکانی ئافرەت سەرجەم تواناکانی کۆمەڵگەی پەکخستووە، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە ئێستا لەڕووی ئابوورییەوە لەلایەن پیاوانەوە پاوانکراوە».

هێرۆ کەریم وەك ئابووریناسێك باس لەوە دەکات کە ئافرەت لە بواری ئابووریدا لە ناو خێزان و کۆمەڵگەدا نەخش و کاریگەریی بەرچاوی خۆی هەیە، هەرکاتێکیش خاوەنی داهات و سەرمایەی سەربەخۆی خۆی بوو، ئەوا دەتوانێت کاریگەری و پێگەو کەسایەتی خۆی زیاتر بسەلمێنێ و هاوکارێکی باش و چالاك بۆ خۆشگوزەرانی و بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی خۆی و خێزانەکەی بێت. گوتیشی «ئەو ژنانەی کە خاوەنی هیچ داهات و سەرمایەیەك نین و کارو چالاکی ئەنجام نادەن، ئەمەش بەشێوەیەك لە شێوەکان گرفت و کێشە بۆ ئەو ژنانە دروستدەکات، ئەگەرچی ئەمە لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێك یان لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە».


**کۆمەڵناسێک:** ئەگەر ئافرەت خاوەن ئابووریی سەربەخۆ نەبێت، یەکسانی و ئازادیی مرۆڤ لەناو کۆمەڵگەدا بەرجەستە نابێت

**ئابووریناسێک:** ژنی خاوەن داهاتی سەربەخۆ، دەتوانێت کاریگەری و کەسایەتیی خۆی زیاتر بسەلمێنێت

**زانایەک:** ئەوەی ئابووری سەربەخۆی نەبێت، بیرکردنەوەی سەربەخۆیشی نابێت

**ئافرەتێکی ماڵەوە:** بەهۆی نەبوونی مووچە زۆرجار بۆ کڕینی شتومەکی خۆم و خێزانەکەم ئازار دەدرێم

# ناوەندەکانی داڵدەدانی ئافرەتان



**ناوەندەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو، تاچەند لەکەمکردنەوەی ڕێژەی تاوانی کوشتنی ئافرەتدا ڕۆڵی ئەرێنییان هەبووە؟ لەگەڵ بوونی چەندین ناوەندی لەوجۆرە، بۆچی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو پەنای بۆ نابەن؟ دادگا و ئەو ناوەندانە تا چەند لەکوشتنی ئەو ئافرەتانە بەرپرسیارن کە لەلایەن ئەوانەوە ڕادەستی خێزانیان دەکرێنەوە؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە وەڵامی ئەو پرسیارانەی گوڵان دەدەنەوە.**

### خانەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو زۆر دڵسۆزانە کاریان کردووەو تەنانەت بەر پەلاماریش دراون

سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مندالّ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان (عەبدولسەلام بەرواری)، لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئایا چ ڕێکارێکی یاسایی هەیە بۆ ئەوەی کاتێك ئافرەتێکی داڵدەدراو ڕادەستی خێزانەکەی دەکرێتەوە، لەلایەن کەسوکاریەوە نەکوژرێت؟ تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت «لە وەزارەتی ناوخۆ بەڕێوەبەرایەتییەك هەیە، بۆ داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشە لێکراو کە هەموو کارەکانیشیان بەپێی یاسا و مەحکەمە و وەرگرتنی ئیفادە و بەڵێننامەیە، زۆر دڵسۆزانە کاریان کردووە و تەنانەت بەر پەلاماریش دراون، کاتێکیش ئافرەتێك بە ئارەزووی خۆی پەنا بۆ ئەو ناوەندانەی داڵدەدانی ئافرەتان دەبات، ئەوا بە ئارەزووی خۆیشی دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای خێزانەکەی، لەو کاتەشدا کەمترین گومانیان لە کەسوکاری هەبێت و نەبێت، بەڵێننامەیان لێوەردەگرن بۆ ئەوەی گیانی ئافرەتەکە پارێزراو بێت». بەرواری گوتیشی «لەکاتی وادا کە ئافرەتی داڵدەدراو خواستی گەڕانەوەی هەیە بۆ لای خێزانی، هیچ کەس و لایەنێك ناتوانێت پێشی بگرێ، ئەوە نایاساییە و هەر کەسێکیش ئەوە بکات، ڕووبەڕووی سزای یاسایی دەبێتەوە»

سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و مندالّ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان جەختی لەوەش کردەوە کە ڕێگری لە کوشتنی ئافرەتانی داڵدەدراو و دواتر ڕادەستکراوی خێزان تەنیا بە یاسا چارەسەر ناکرێت، گوتیشی «کاتی خۆی کە ئەو یاسایەشمان لە پەرلەمان پەسەند کرد، هەڵایەکی گەورەیان لەسەر کردین، گوتیان لەگەڵ دابونەریتی ئێمە ناگونجێت، بەڵام من لە سەر شاشەی تیڤی گوتم: ئێمە هاتووین بەرهەڵستی ئەو دابونەریتە بکەین کە ڕێگە بە ژنکوژی و کوشتنی ئافرەت بە هەر بیانوویەك بدات، چونکە هەموو دابونەریتێك پیرۆز نییە، کوشتنی ئافرەت دابونەریتێکی سەقەتە لە ژێر هەر بیانوویەکدا بێت، بۆیە دەبێت بە توندی دژایەتی دابونەریتی لەو جۆرە بکرێت».

### کۆمەڵگەی ئێمە بە دادگا و پۆلیسەکانیشیەوە لەجێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانیدا سستی دەکەن

عەبدولسەلام مستەفا سدیق لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا بۆ گوڵان، هێمای بۆ یاسای توندوتیژی خێزانی کردو گوتی «گەر پەرلەمانی کوردستان کە نوێنەری هەموو چین و توێژ و حزب و لایەنێکی گەورە و بچووکی تێدایە، لە یاسای خێزانیدا هەر جۆرە توندوتیژییەك قەدەغە دەکات، تەنانەت شەقازللەیەکی دایك و باوك لە مندالّی خۆیان قەدەغە دەکات، بۆ ئەوەیە کۆمەڵگە بەرەو پرۆسەیەکی مەدەنی و شارستانی ببات و بۆ نەهێشتنی توندوتیژی هانی بدات و دیاردەی کوشتنی ئافرەتانیش بنبڕ بکرێت، بۆیە دەبێت یاساکە جێبەجێ بکرێت و کەسی سەرپێچیکاریش ڕووبەڕووی سزای یاسایی ببێتەوە». بەرواری نیگەرانی خۆی لە «کەمتەرخەمیی دادگاکان و بنکەکانی پۆلیس»یش دەربڕی و گوتی «بەداخەوە کۆمەڵگەی ئێمە بە دادگا و پۆلیسەکانیشیەوە لە جێبەجێکردنی یاسای توندوتیژی خێزانیدا سستی دەکەن، هۆکارەکەشی بۆ ئەو عەقڵییەتە ڕۆژهەڵاتییە دەگەڕێتەوە کە بەسەر کۆمەڵگەدا زالّ بووە، بۆیە لە جێبەجێکردنی یاساکەدا جددی نین، ئەوەشمان بە راشکاوی بە دادوەرەکان و وەزارەتی ناوخۆش گوتووە». بەرواری بە پێویستی زانی «هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە دەنگ و ڕەنگ و چاپەمەنییەکانەوە فشاری گەورە بخەنە سەر دادگاکان بۆ ئەوەی لە جێیبەجێ کردنی یاسای توندوتیژیدا سستی

# ـــی هەڕەشەلێکراو تاچەند لەئاستی پێوستدان؟

نەکەن و بە بێ گوێدان بەوەی کە ئەو حاکم و پۆلیسانە سەر بە دەسەڵاتن یان ئۆپۆزسیۆن، هەرجۆرە کەمتەرخەمییەکیان لەو بوارەدا ریسوا بکەن».

سەرۆکی لیژنەی کاروباری کۆمەڵایەتی و منداڵ و خێزان لە پەرلەمانی کوردستان دووپاتیکردەوە کە کۆمەڵگەی کوردی ڕوو لە گەشەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە هەندێك خوو، یان نەریتی نەرێنی هەن، لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بەلاوە دەنرێن و تەنانەت ریسواش دەکرێن، ئێستاش وایلێهاتووە کوشتنی ئافرەتان بە هەر بیانوویەك ڕیسوا دەکرێت، یاسای توندوتیژی خێزانیش بۆ ڕیسواکردن و سزادانی کەسانی توندوتیژ و نەریتی پەسەند کراوە».

### کۆمەڵگەی کوردی ڤایرۆسی ناهۆشیاری تێدایە

نووسەر و رۆژنامەنووس و چالاکی بواری مافەکانی ئافرەت (ئاوێزان نوری) کە بەڕێوەبەری پڕۆژەکانی (سەنتەری پەنا بۆ لابردنی توندوتیژی لەسەر مێینە) و ئەندامی لیژنەی پشتیوانیکردن لە رۆژنامەنووسانی مێینەیە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «کۆمەڵگەی کوردی ڤایرۆسی ناهۆشیاری و زیندووکردنەوەی دابونەریتی کۆنی تێدایە» و دەڵێت « یەك لەو نەخۆشیانە نەخۆشی دەروونییە و هەموو ئەوانەش کە بەرامبەر بە خێزانی خۆیان توندوتیژن نەخۆشی دەروونییان هەیانەو پێویستە بەپەلە چارەسەر بکرێن». ئەو خانمە ڕووناکبیرە پێشنیاری ئەوە دەکات کە «رێکخراوەکانی ژنان وەك «هێڵی گەرم» لە هەموو گەڕەکێکدا هەبن، پێویستە تەنیا مەبەستیشیان خزمەتکردن بێت بە دۆزی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری تاك بەرامبەر بە مافەکانی مرۆڤ بەگشتی بکەنە بەرنامەی ڕۆژانەیان». گوتیشی «ئێمە وڵاتێکدا دەژین کە کەلتوور کۆنترۆڵی دەکات، ئەو کەلتوورەش زۆر دڵڕەقە و کەمترین بەزەیی بەتاکەکانیدا نایێتەوە»

بەناز کوێستانی دەرچووی بەشی ڕاگەیاندن لەکۆلیجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی، سەرنووسەری رۆژنامەی (پێگە) کە خاوەنی چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕژنامەوانییە، ڕایوایە ئەو توندوتیژییەی لەڕێگەی زمانەوە ئەنجام دەرێت، زۆر زیاترە لە توندوتیژی جەستەیی، زۆربوونی رێکخراوەکانی ئافرەتانیش بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە «ڕێژەی پێشێلکاری لە مافی ژنان زۆر بەرزە». بەناز، بوونی رێکخراوەکانی چالاك لە بواری ئافرەتان بە «پردێك بۆ هێنانە دەرەوەی ژن لە ماڵەوە بۆ شەقام و کارکردن لە رێکخراو و دەزگاکاندا»، دەچوێنێت و سەبارەت بە چارەسەرکردنی یەکجارەکی کێشەی ئافرەتانی داڵدەدراویش، رایوایە «پێویستە سەرەتا یاسا و داداگاکان بە هەموو توانایانەوە ئەو ژنانە لە ڕادەستکردنەوەیان بەو خێزانانە بپارێزن کە کەمترین گریمانەی کوشتنی لەسەر بێت، دواتر نەهێشتنی ئەو توندوتیژییانە بەرامبەر بە ژن بەگشتی پێویستی بە گۆڕانکاری ڕیشەیی هەیە، گۆڕانیش لە هەر کۆمەڵگەیەك لە گۆڕانی پڕۆگرامی خوێندن و پەروەردەکردنی منداڵانەوە دەستپێدەکات، واتە هەر لەقۆناغی باخچەی ساوایانەوە تا تەواوکردنی زانکۆ، بۆیە پێویستە هۆشیاری و وانەی تایبەت بۆ ڕێگەگرتن لە توندوتیژی بخەینە سیستمی پەروەردەوە»

### کێشە کۆمەڵایەتییەکان زۆر لەوە ئاڵۆزترن کە سەنتەرو رێکخراو بتوانن چارەسەری بکەن


سەرنووسەری رۆژنامەی دەنگی مەخموور (بەختیار محەممەد)، خانەکانی داڵدەدانی ئافرەتانی هەڕەشەلێکراو بە ناوەندێکی چارەسەرکار نازانێت و دەڵێت «بەبڕوای من سەنتەرو رێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان لە زۆر کاتدا لەجیاتی ئەوەی لایەنێکی کاراو ئەکتیڤ بن بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەو خەمەکانی ئەم چین و توێژە هەستیارەی کۆمەڵگە، لەزۆر باردا رۆلێکی خراپیان بینیوە، بۆ نموونە زۆرێك لەو چالاکوانانەی لەبواری ئافرەتان و ژنانەوە قسە دەکەن، تەنانەت خودی خۆیان کێشەگەلێکی زۆریان هەیە لەبیرکردنەوەو چۆنییەتی مامەڵەکردن و هەڵسوکەوتی رۆژانەیان، هەروەها لەزۆرێك لەکۆڕو سیمینارو چاوپێکەوتنەکاندا قسەی زل و بریقەدار دەکەن، بەتایبەت لە مەسەلەی توندوتیژی و داڵدەدانی ئەو کچ و ژنانەی کە ڕۆژانە ڕووبەڕووی توندوتیژی کۆمەڵایەتی دەبنەوە، بەختیار بە پێویستی زانی «لەجیاتی ئەو سەنتەرو رێکخراوانە دەزگا فەرمییەکانی حکومەت وەکو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی رۆشنبیری خۆیان ڕاستەوخۆ ئەو کارانە لە ئەستۆ بگرن، چونکە کێشە کۆمەڵایەتییەکان لەکۆمەڵگەی کوردیدا زۆر لەوە ئاڵۆزترە کە سەنتەرو رێکخراوێك بتوانن چارەسەری بکەن.

**عەبدولسەلام بەرواری:**




**بەرهەڵستی ئەو دابونەریتە دەکەین کە ڕێگە بە کوشتنی ئافرەت بە هەر بیانوویەک بدات**

**ئاوێزان نوری:**



**لە سایەی وڵاتێکدا دەژین کەلتوور کۆنترۆڵی دەکات**

**بەناز کوێستانی:**



**پێویستە یاسا و داداگاکان بەهەموو توانایانەوە ئەو ژنانە لە ڕادەستکردنەوەیان بپارێزن گەر کەمترین گریمانەی کوشتنیان لەسەر بێت**